Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# سیاسەتمەداران ستراتیجیی ئۆباما بەرامبەر بە عێراق هەڵدەسەنگێنن

**Author:** Basim al-Shara
Zaineb Naji
Frman Abdul-Rahman

پێیان وایە پێناچێت سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ کشانەوەی سەربازی و کۆمەکی جێبەجێ بکات.
.

سیاسەتمەداران و لێکۆڵەرەوانی عێراق پێیان وایە ماوەی سەرۆکایەتی ئۆباما، کە لە ٢٠ی کانونی دووەم دەست پێدەکات، سیمای گۆڕانی گشتگر لە عێراقدا بەخۆیەوە نەبینێت. ئۆباما، سیناتۆرێکی بچووك لە تەمەندا کە دژایەتیی بۆ شەڕی عێراق ڕۆژە سەرەتاییەکانی هەڵمەتەکەی هێنایە جۆش، بەڵێنی گۆڕانی خێرای داوە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، لەوانەش بڕینی خەرجیی ئاوەدانکردنەوە و کشاندنەوەی سەربازەکان لەو وڵاتە لە ماوەی ١٦ مانگدا.

ئەو کشانەوە سەربازییەی – کە ئۆباما بەڵێنی داوە "بەرپرسیارانە و بە قۆناغ" بێت – گرنگترین بابەتی نیگەرانی سەرانی عێراق بووە، زۆربەیان هۆشیاریان داوە کە کشانەوەیەکی خێرای سەربازەکانی ئەمریکا مەترسی ئەوەی هەیە پشێوی لە عێراقدا دروست بکات.

"ڕەوشی ئاسایش لە عێراقدا هێشتا ناسکە، و بەرگەی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق ناگرێت،" وائل عەبدوللەتیف، ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەر بە لیستی وەتەنییەی عێراقی عەلمانی هۆشیاری دا.

عەبدوللەتیف وتی ئۆباما، سەرەڕای ئەوەی سەرلەشکری هێزە چەکدارەکان دەبێت، یەکێکە لەو چەندەها بەشداربووەی دام و دەزگاکانی واشنتۆن کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دیاری دەکەن. عەبدوللەتیف دانی نا بەوەی کە ئەمریکا ناچار دەبێت هەندێك دەست بە پارەوە بگرێت بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە بەڵام پێی وا نەبوو ئۆباما بتوانێت سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق بگۆڕێت بە تایبەتی لەبەر زیادبوونی پێگەی ئێران. "شتەکان لە عێراق ناگۆڕێن مەگەر واشنتۆن چارەسەری ڕیشەیی بۆ ئێران بدۆزێتەوە،" عەبدوللەتیف وتی.

ئیبراهیم ئەلسومەیدای، لێکۆڵەرەوەیەکی سیاسی لە بەغدا، وتی ئێران لەوانەیە وەك خولیای سەرەکی ئەمریکا بمێنێتەوە و پێشنیاری ئەوەشی کرد کە واشنتۆن ڕێگا بە تەهران نەدات زۆر کاریگەری لەسەر عێراقدا دروست بکات و بە دوای چارەسەرێکی ناوڕاستانەدا بگەڕێت بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت سوور بێت لەسەر "هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانییە تائیفییەکان" لە عێراقدا، بە تایبەتی ئەوانەی بە ڕادەیەکی زۆر ئێران کاریگەری بەسەریانەوە هەیە، ئەلسومەیدای وتی.

عەبد ئەلباری زێباری، ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی عێراق، وتی ئۆباما چەندین جار ڕایگەیاندووە کە سیاسەتی عێراق دەبێت بگۆڕێت و پێویستە عێراقییەکان بەرپرسیارێتیی زیاتر بۆ داهاتووی خۆیان بگرنە دەست.

لەگەڵ ئەوەشدا، زێباری وتی، هەر گۆڕانکارییەکی ئەمریکا ساکار دەبێت چونکە ئۆباما دەبێت لەگەڵ پارتی دیموکرات و سەرانی کۆمارییەکان دانوستان بکات کە پاڵپشتیان نەکردووە لە کشانەوەیەکی تەواو.

"زۆربەی وتارەکانی ئۆباما تەنها بۆ هەڵمەتەکان بوون،" زیباری وتی. "ئەگەری ئەوەی واشنتۆن سیاسەتەکانی خۆی بەرامبەر بە عێراق دەگۆڕێت سنووردارە."

ویلایەتە یەکگرتووەکان "بەرژەوەندییەکانی خۆی ناکاتە قوربانی ئامانجەکانی ئۆباما"، زێباری زیاتر وتی. "ئۆباما ڕازی دەبێت سوپای ئەمریکا بۆ ماوەیەکی زۆر لە عێراق بمێنێتەوە."

لەگەڵ ئەوەشدا، ناڕەزاییەکی بەرفراوان بەردەوامە لە دژی هەبوونی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق – بە تایبەتی هەبوونێك کە کۆتاییەکەی دیار نەبێت.

"ئێمە بە ئاواتی زیاتر لە کشانەوەین،" فایزە بابەخان، ئەندامی پێشووی پەرلەمان و پاڵپشتیکاری مافەکانی ژنان وتی. "ئێمە بە دوای گۆڕانێکی خێرا دەگەڕێین. دەمانەوێت سەروەری عێراق بگەڕێنینەوە، عێراقییەکان بەرپرسیار بن لە کاروباری خۆیان و پرۆژەی وەبەرهێنان و ئابوری جێبەجێ بکەین کە ئەمریکییەکان ڕەزامەندییان لەسەر داوە."

عزەددین ئەلدەولە، پەرلەمانتارێکی سوننیی سەربەخۆ، وتی ئۆباما لەوانەیە هەوڵ بدات هەندێك لە پێکهاتەکانی ڕێکەوتنامەی ئەمنی بگۆڕێت کە ئێستا لە نێوان ئەمریکا و عێراق هەوڵی بەئاکام گەیشتنی دەدرێت، و مەرجەکانی هەبوونی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق دیاری دەکات. حکومەتی سەرۆك وەزیران

نوری ئەلمالکی سووره لەسەر ئەوەی کە سوپای ئەمریکا بە تەواوی لە ٢٠١١دا بکشێتەوە.

لە نێوان کوردەکاندا، کە چەندین دەیەیە هاوپەیمانی بەهێزی ئەمریکان، سەرکردەکان نەك تەنها جەخت لەسەر ڕێکەوتنامەی ئەمنی دەکەنەوە، بەڵکو چاوەڕێی ئەوەش دەکەن ببینن چۆن ئۆباما گرژییەکانی نێوان کوردستانی عێراق و تورکیا چارەسەر دەکات. تورکیا لە دژی یاخیبووانی کورد لە چیا سەختەکانی باکوری عێراق دەجەنگێت.

سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە سلێماني، ئاماژەی بەوەدا کە ئۆباما پێشنیاری کردووە سەرانی تورکیا لەگەڵ هاوشانە کوردییەکانیاندا دانوستان بکەن بۆ ڕەواندنەوەی جیاوازییەکانیان. بەڵام پیرە دڵنیا نەبوو گفتوگۆیەکی لەم چەشنە ڕوو بدات.

کوردەکان پاڵپشتی زۆریان لە لادانی سەدام حوسێن کرد بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و بەو هۆیەوە هەست بە خۆشەویستییەکی تایبەت دەکەن بۆ بوش کۆمارییەکان، ساڵح عومەر عیسا، مامۆستای زانستیی سیاسی لە زانکۆی سەڵاحەدین لە شاری هەولێری باکووری عێراق وتی. بەڵام عیسا ئامۆژگاری لە دژی هەر پێشنیارێك خستەڕوو کە گوایە پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە لە نێوان ئەمریکا و کوردەکان.

ئیدارەی بوش لەبەر خاتری کوردەکان سەدام حوسێنی لانەدا، و ئۆباماش کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا دوا ناخات بۆ پاراستنی کوردەکان،" عیسا وتی."

خەریکە کوردەکان تووڕەییان بەردەوام زیاد دەکات بەهۆی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە، بە تایبەتی ڕاسپاردەکانی ئەمریکا تا عێراق چارەسەری ڕەوشی پارێزگای کەرکوکی جێناکۆك دوا بخات. کوردەکان، تورکمانەکان و عەرەبەکان ئەو هەرێمە بە نەوت دەوڵەمەندە بەهی خۆیان دەزانن.

بەڵام دیاریکردنی جێگری سەرۆکی هەڵبژێراو جۆی بایدن هەندێ هیوای داوەتە کوردەکان کە بەرژەوەندییەکانیان لەسەر ئاستی بەرزدا لە واشنتۆن دەخرێنە ڕوو. بایدن پێشتر پێشنیاری سیستەمێکی فیدڕالی بەهێزی لە عێراقدا کردووە "و لە کاتێکدا لەوانەیە ئەمە لە ئێستادا جێبەجێ نەکرێت، بەڵام مایەی خۆشحاڵییە بۆ کوردەکان"، عیسا وتی.

باسم ئەلشەر و زەینەب ناجی دوو ڕۆژنامەنوسی ڕاهێنراوی IWPR ن لە بەغدا. فەرمان عەبدولڕەحمان ڕۆژنامەنوسێکی ڕاهێنراوی IWPR ە لە سلێمانی.

**Location:** Turkey
Iraqi Kurdistan
Iraq
Iran

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D9%87%E2%80%8C%D8%AA%D9%85%D9%87%E2%80%8C%D8%AF%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%B3%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D8%AA%DB%8C%D8%AC%DB%8C%DB%8C-%D8%A6%DB%86%D8%A8%D8%A7%D9%85%D8%A7-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D8%A7%D9%85%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%B1-%D8%A8%D9%87